# گوڵی ئاڵ

فواد قاموسی – سەقز



پاش
ئەم بازە شەق بردوە
پاش
ئەم خاوەن مەرگە
بەهار
کچێکی تەنیایەو
چاوەڕێی سوارەکەیەتی
بەیانیان
ژیان پەڕەسێلکەیەکی
ناسکی سپیە و
بۆ هێلانە
هەڵدەفڕێ بەرەو
ماچی گەرمی
دوو پەپوولە
***
روخساری جیهان
لایەکی رەشی
لایەکی سپی
یەکیان
گریانی پاکی
یەکیان
بزەی درۆ
گوڵی ئاڵ
مەگری!
منیش
شەوانێ دوور و درێژ
دڵخۆشی
شنەی شەماڵ و
ئەسری چاوەکانم بووم

بەڵام
برسیەتی،فرمێسك،ئازار
***
ئازیز
جیهان
هەموو ئازارە و
ئاسمانیش هەر ئازار
بەڵام
زەردەخەنەی پەپوولە و
شریخەی شەرەف
لە شەوە زەنگدا
شایەکی بێبڕانەوەیە بۆ
مێژوو و
پەڕەسێلکەی سپی
گوڵی ئاڵ
بۆنت
شەرابێکی کۆن کەوتوو
باڵات
تابلۆیەکی شیرین
شیاوی شانازی باخەوان
بژی بە
سروەی هەناسە و
بەفراوی ماچ
بەڵام وریا بە
شەیتانی شەوی شەکەت
خۆی لێ
مەڵاس داوی!